# ١٧ی مای

### ڕۆژی پشتیمانیی نەرویج

١٧ی مای ڕۆژی نیشتیمانیی نەرویجە. بۆیە بەبۆنەی ئەوەی نەرویج لە ١٧ی مای ١٨١٤ دەستووری بنەڕەتیی خۆی نووسیوەتەوە ئاهەنگ دەگێڕین. نەرویج پێش ١٨١٤ بۆ ماوەی چوار سەد سال بەشێک بوو لە دانمارک. پاشای دانمارک خاوەنی بەرزترین دەسەڵات بوو لە نەرویج و نەرویجییەکان دەبوو ملکەچی ئەو یاسایانە بن کە دانمارک بڕیاری لەسەر ددەدان. لە ساڵی ١٨٨٤ گەلێک ڕووداو لە ئەورووپادا ڕوویاندا و نەرویجییەکان خوازیار و چاو لەڕێی ئەوە بوون ببنە خاوەنی وڵات و یاسای خۆیان.

### دەستووری بنەڕەتی لە ئایسڤۆڵ نووسرایەوە

١١٢ (سەد و دوانزە) کەس لە پیاوانی دەوڵەت لە ئایدسڤۆڵ بۆ نووسینەوەی دەستووری بنەڕەتیی نەرویج کۆبوونەوە، کە لە شوێنی جیاجیای نەرویجەوە هاتبوون. ئەو گرووپە بە ئەنجوومەنی نیشتیمانی ناوزەد کران و  بۆ نووسینەوەی دەستووری بنەڕەتی ماوەی شەش هەفتەیان پێچوو. لە ١٧ی مای نووسینەوەی دەستوورەکە کۆتایی پێهات، و لەلایەن کریستیان فرێدریک پاشاوە واژۆی لەسەر کرا، هەر بۆیەشە ئەو ڕۆژە بە ڕۆژی نیشتیمانیی نەرویج دیاری کراوە.



*ئەم تابلۆیە ناوی ئایدسڤۆل ١٨١٤یە و لەلایەن ئۆسکار ڤێرگەکاندەوە کێشراوە. سەرچاوە: Wikipedia*

### ١٧ی مای ڕۆژی ئاڵایە

١٧ مای بۆ قوتابیانی خوێندگەکان و زۆرێک لە خەڵکی ڕۆژێکی پشووە. بە فەرمی کراوەتە ڕۆژی ئاڵا، ئەمەش بەو مانایە دێت کە سەرجەم ئەو باڵەخانانەی خاوەندارێتییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دەوڵەت یان شارەوانی، دەبێت ئاڵا هەڵکەن. خەڵکانێکی زۆری پریڤاتیش لە ١٧ مای ئاڵا هەڵدەکەن. ئاڵای نەرویج لە ١٨٢١ دروستکراوە. ڕەنگەکانی ئاڵاکە بریتین لە: سوور و سپی و شین، کە نیشای ئازادین. خاچەکەش سیمبولە بۆ ئەوەی کە نەرویج وڵاتیکی کریستیانییە.



ئاڵای نەرویج، وێنە: ڤیگارد ئۆتەرڤیک لە Pixabay



کۆشکی پاشای نەرویج. وێنە: گ.ک ڤۆن سکودەرهایم. Pixabay

## جلوبەرگی ئاهەنگ

شتێکی ئاساییە کە لە ڕۆژی نیشتیمانیدا خەڵکی جوانترین جلوبەرگەکانیان بپۆشن. زۆرێک پۆشاکی میللی ناسراو بە "بوناد" یان جلوبەرگی دیکەی نیشتیمانی لەبەردەکەن.

لە ١٧ی مای چالاکی وتار خوێندنەوە و ڕێکخستنی بۆنە لە قوتابخانە و باخچە و لەناو سەنتەری شارەکان ساز دەدرێن.

## ڕێپێوانی منداڵان



ڕێپێوانی منداڵان لەبەردەم کۆشکی پاشا لە ئۆسلۆ. دەتوانیت خێزانی پاشا لە بالکۆنەکەوە ببینیت؟
وێنە: مۆرتن یۆنسن Wikimedia





ڕوس"ی شین و "ڕوس"ی سوور"
وێنە: دیمیتری ڤالبێرگ Flickr

١٧ی مای بە ڕۆژی منداڵانیش ناودەبرێت. لە سەرانسەری وڵاتدا منداڵانی قوتابخانەکان بە شەکانەوەی ئاڵای نەرویج و گوتنەوەی دروشم و گۆرانی لە ڕێپێوانی ڕێکخراودا دەڕۆن. گرووپی موزیکی ناسراو بە "کۆرپس" موزیک دەژەنن. لەو ڕۆژەدا زۆرینە، سروودی نیشتیمانیی "بەڵێ، خۆشمان دەوێت" دەڵێنەوە. تێکستی سروودەکە ساڵی ١٨٥٩ (بیۆرنستێرنە بیۆرنسون) نووسیویەتی. (ڕیکارد نوردرۆک)ی کە ئامۆزای بیۆرنستێرنە بوو لە ساڵی ١٨٦٣ ئاوازی بۆ تێکستی سروودە نیشتیمانییەکە دانا.

## ئاهەنگگێڕانی قوتابیانی دوا قۆناغی ئامادەیی (ڕوس)

قوتابیانی دوا قۆناغی ئامادەیی کە پێیان دەگوترێت "ڕووس" بە بۆنەی کۆتایی هاتنی خوێندنی ئامادەییەوە ئاهەنگ دەگێڕن. ئەوان پێیان وایە کە پاش ١٣ ساڵ خوێندن لە قوتابخانە، شایستەن کە ئاهەنگ بگێڕن. هەر بۆیە جلوبەرگی تایبەت بە خۆیان لەبەر دەکەن. لەسەر پۆشاکەکانیان بە ماجیک سڵاو بۆ یەکتری دەنووسن. لە مانگی پێنجدا گەلێک ئاهەنگی جۆراوجۆر ساز دەدەن. وێنەی جۆراوجۆری خۆیان دەگرن و بە پاسی تایبەت دێن و دەچن و دەنگی موزیکی تەجیلی پاسەکانیان بەرز دەکەنەوە. هەندێکیشیان گاڵتە و گەپ لەگەڵ مامۆستاکانیاندا دەکەن و لە بەرەبەیانی ڕۆژی ١٧ی مای دەچن لە خەو هەڵیان دەستێنن. هەروەها لە هەمان ڕۆژدا کە ڕۆژی نیشتیمانییە بە گرووپ دەچنە ڕێپێوانەکان و سەما و چالاکیی سەیر و تایبەت ساز دەکەن.

## خێزانی پاشا

پاشای نەرویج ناوی هاراڵدە و شاژن ناوی سۆنیایە. پاشا و شاژن و ئەندامانی دیکەی خێزانی پاشا، هەموو ساڵێک لە ١٧ی مای لەگەڵ ئەندامانی دیکەی خێزانەکەیدا لە بالکۆنی کۆشکی پاشایەتی لە ئۆسلۆ ڕادەوەستن و سڵاو لە منداڵانی ڕێپێوانکەران دەکەن.

ڕێپێوانی منداڵان بە شەقامی سەرەکیی ناو ئۆسلۆ کە ناوی کارل یوهانە تێپەڕ دەبێت. ڕێپێوانەکە بە بەردەم کۆشکی پاشایەتی دەڕوات، و تێکڕا منداڵ و مامۆستاکانیان بە ڕاوەشاندنی دەستیان سڵاو لە خێزانی پاشا دەکەن. ئەندامانی خێزانی پاشاش وەڵامی سڵاوەکانیان دەدەنەوە. زیاتر لە سەد قوتابخانەی ئۆسلۆ لەو ڕێپێوانی منداڵانەدا بەشداری دەکەن.



*خێزانی پاشا لە ئۆسلۆ سڵاو لە منداڵانی ڕێپێوانکەر دەکەن. لەلای چەپەوە: شابانوو ئینگرید ئەلێکساندرا، شازادە سڤێرە ماگنووس، مێتە ماریت هاوسەری شازادەی جێنشین هاکۆن، شازادەی جێنشین هاکۆن، شاژنە سۆنیا و هاراڵد پاشا.*